# ناسیۆنالیزم و ئیسلامی سیاسی
# دووفاکتەری تەواوکەری یەکتر بۆ بەرگرتن بە ئازادی

**کەژاڵ حەمە رەشید**
kazhalh@yahoo.com

**مێژووی ناسیۆنالیزم و ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا نیشانی داوە کە ئەم دوو هێزە دوو فاکتەری بەهێزی پێشێلکردنی ئازادی بوون بە هەموو مانا ئینسانیەکانیەوە.**

## ئیسلامی سیاسی

**قسەی لەسەر نیە کە ئیسلام وەك ئایدۆلۆژیایەك و ئیسلامی سیاسیش وەك هێزێکی سیاسی بۆ بەرێوەبردن و عەمەلی کردنەوەی بەندەکانی ئەو ئایدۆلۆژیایە بە توند ترین شێوە ئامادە بەکارەو لە مەیداندایە. لەم بارەیەوە مێژوویەکی رەشی تۆمار کردوە لە ترساندن و تۆقاندن وکوشتو بری بێ وێنەو ئەتك کردن و سەرکوتکردنی موتلەق وکەبد کردن، چەوسانەوە، نایەکسانی، هەتا دەگات بە سەربرین، ئەمانە ئەو سیفەتە سەرەکیانەن کە ئیسلامی سیاسی پیادەناسرێتەوە لە هەر دورانێك و لە هەر جێگایەك. دەیەی نەوەدەکان دەورانێکە کە ئیسلامی سیاسی بوژانەوەیەکی بەخۆیەوە بینی تیایدا، بە تایبەتی لەو وولاتانەی کە رووبەرووی جەنگ و کوشتارو کێشەی سیاسی و هەروەها هەژاری بوون.**

**کوردستان بە هۆی جەنگ و کوشتارگای یەك لە دوای یەکەوە هەر لە جەنگی کەنداوەوە هەتا ئێستا، هەژاری بالی بە سەردا کێشا بۆیە بوە یەکێك لە خانە خویکانی ئیسلامی سیاسی و ووردو وورده گەشەیان تیاکرد تا ئەو ئاستەی شێخ زانایەك پەیدا ببێت کە بۆ ماوەی چەند سال خەریکی سەر برین و پارچە پارچە کردنی جەستەی زیندووی ئینسان بێت. لە ئێستاش دا بگەنە ئەو ئاستەی خۆپیشاندان بەرێبخەن و ئەو هێزەی کە ماوەی چەند سالێکە لە کوردستاندا سەریەکی دەخەن و بنیاتی دەنێن گرێدەدەنەوە لەگەڵ هێزە هاوشێوەکانیان لە وولاتانی جۆراو جۆردا کە ئەمرۆ رژاوونەتە سەر شەقامەکان لە بەرامبەر دەنگە ئازادەکان و رۆژنامەو پێنووسە ئازادەکاندا.**

**ئەوان لە ئاستی دنیادا خۆیان خستوەتە بەرامبەر شارستانیەت و علمانیەت و مەددەنیەتی کۆمەلگا رۆژئاواییەکان کە بە قوربانیەکی مێژووی ئازادیەکانیان بەدەست هێناوە کە دنیای تەکنیك و تەکنۆلۆژیاو ئەنترنێت و ئازادی رادەربرین و رۆژنامەکان و دەیان شێوەی تازەی لە رادەربرین هێناوەتە بەرهەم. بەلام بێگوومان لەم بارەیەوە ئەوان لە بەرامبەر رادیکالیزم و سکیۆلاریزمی کۆمەلگای رۆژئاوایی هیچیان پێ ناکرێت.**

**بەلام بە داخەوە گۆمی خوێن رشتنی ئەمانە لە فەلەستین و ئێران و ئەفغانستان و عێراق و کوردستان بە جۆشە ئەوەتا لە هەراو زەنای نمایش کردنی هێزەکانیانیان و پشتیوانی ناردن بۆ هاوتاکانیان لەدەرەوە لە جەرگەی ئەم نمایشەدا ئەیانەوێ خوێنی نووسەری کتێبێك کە کاروکردەوە خوێناویەکانی مێژووی ئیسلام دەخاتە روو**

(مەریوان هەلەبجەیی) حەلال بکەن . کە لە راستیدا هەر ئەم نمایشە هاوکات لەگەل فتواداانی مەریوان هەلەبجەیی دا ئەو راستیە نیشان دەدات کە ئەو هێزە سیاسیە بەو فتواداان وخوێن رشتن و سەرکوتە بەرهەم هاتوە بۆ هەمیشە لە مێژووداو تا ئێستاش. وە ئەم کارو کردەوانە بەردی بناغەی ئیسلامی سیاسی و خوودی ئایدۆلۆژیاکەیەتی.

## ناسیۆ نالیزم و پشتیوانی لە تیرۆرو ئیسلامی سیاسی

ئەوەی تائێستا ناسیۆ نالیزم کردوویەتی بێجگە لەوەی کە خۆشی هێزێکی سەرکوت کەرو دژی ئازادیە لەلایەکی تریشەوە نەك ریگر نەبوە لە بەرامبەر فتواو هەرەشەو خوێن رشتنەکانی ئیسلامی سیاسی دا بەلکو راستەو خۆ و ناراستەو خۆ پشتیوانی ئەو کارەی کردوە. مێژووی ناسیۆ نالیزمیش لە کوردستان شتێکی وای کەمتر نیە لەو مێژوە تالەکەی ئیسلامی سیاسی. ئەمانیش هەتا توانیویانە دەنگی ئازادی و ئازادیخوازانیان سەرکووت کردووە. رێگە گرتن لە نارەزایەتیەکانی خەلك و رێگە گرتن لە بلاوکراوەو رۆژنامەکان و سنووردار کردنی مەیدانی رۆژنامەو رۆژنامەگەری و هەلسووراانی سیاسی...لەم بارەیەوە تەقەکردن لە خۆپیشاندانەکانی خەلکی شاری کەلار لەژێر دەسەلاتی یەکیەتی دا و حوکم دانی 30 سالەی کەمال قادر لە سایەی دەسەلاتی پارتیدا دوو نموونەی زیندوو تازەی ئەم چەند مانگەی دوایین.

رێگەدان بە ئیسلامیەکان بۆ بەکارهێنانی بلند گۆی مزگەوتەکان بۆ فتوادانی ئازادیخوازان و نووسەران و ژنانی پێشکەوتوخواز. هەر لەو مزگەوتانەدا منالان دەچەوسپنرێنەوە بە پر کردنی مێشکیان بە بە خوورافەو ترساندنیان و تۆقاندنیان بە ئاگری جەهەنم و سەرئەنجام زراندنی خەون و ئارە زووی بێگەردی منالیان. کەچی لەلایەن دەسەلاتیشەوە پارەو پوولی فراوانیان بۆ فەراهەم دەکرێت. یەکێتی لە داهاتی حکومەتی هەرێمەکەیدا بوودجەی 2 ملیۆن دۆلاری بۆ بزووتنەوەی ئیسلامی دابین کردوە بۆ بە رێخستنی ئەم هەموو بێحورمەتیە بە ئینسان. دەنگدان وبریاردانی ناسیۆنالیزم بە دەستورێکی ئیسلامی و ئیئتلاف کردن لەگەل شیعەدا لە حکومەتدا هەموو ئەمانە پشتیوانین بۆ گەشە سەندنی زیاتری ئیسلامی سیاسی. هەرچەندە ناسیۆ نالیزم لە کوردستاندا لەبەرامبەرکێی سیاسیدا بوە لەگەل ئیسلامی سیاسیدا لە پەیوەند بە دەسەلاتەوە وە بەلام هەموو ئەو خالانەی سەرەوەش دیوێکی ترو روویەکی تری ناسیۆنالیزمە لە بەرامبەر ئیسلامی سیاسیدا.

ناسیۆ نالیزم لە کوردستان ئیدعای دیموکراسی دەکات و کەچی لە بەرامبەر ئەو هەموو تیرۆری ژنان و فتوای نووسەران و ئازادیخوازاندا هیچ بەرپرسیاریەکی لە خۆی نیشان نەداوە هەنگاوێکی لەم بارەیەوە نەناوە بۆ رزگارکردنی گیانی ئەو کەسانەی بەر شالاوی تیرۆرو فتوا کەوتوون. بۆیە راستی ئەوەیە کە ناسیۆنالیزم شانبەشانی ئیسلامی سیاسی فاکتەری بەرگرتنە بە ئازادی و خولقێنەری جەوی تیرۆرو فتوایە.

## هەولی لێنەبڕاوی ئازادیخوازان

هەموو ئەوەی باس کرا باری رەش و تالی کۆمەلگاو بزووتنەوە کۆمەلایەتیەکانە. بەلام ئەوەش جێگای خۆشحالیە لە ئێستادا پێداگرتن و هەولی لێنەبراوی دەنگی ئازادیخوازان و رەوتی مۆدێرنیزمی کۆمەلگایە.

سەرباری هەموو ریّگری و توندوو تیژیانەی بزووتنەوە کۆنەپەرستەکان بە هەموو جۆرو باڵەکانیەوە لەبەردەم مەددەنیەت و رادیکالیزمدا دایان ناوە، رەوتی پێشکەوتنخوازیش بەردەوام لە بەرامبەرکێدایەو هەوڵ و ماندووبوونێکی بێوێنە بە خەرج دەدەن و چاونەترسانە ئامادەی قوربانی دانن. زۆرێك لە نووسەران کەوتنە بەرشالاوی فتواو سوکایەتی پێکردن بەلام کۆلیان نەدا، زۆرێك لە ژنانی پێشکەوتووخواز کەوتنە بەرشالاوی فتواو تیرۆرو سوکایەتی پێکردن بەلام کۆلیان نەدا لە ئێستاشدا کە مەریوان هەڵەبجەیی پێداگرە لەسەر هەلوێستەکانی سەبارەت بە ئیسلام ئەمەش جۆشێکی تر دەدات بەو دەنگانەی هاتوونەتە پای پشتیوانی لێکردنی. سەرباری هەر کەم و کوریەك ئەم جۆش و خرۆشەی رادیکالیزم بۆ فەراهەم کردنی ئازادی لەم هەل و مەرجەی ئێستادا بە تایبەتی لە هەردوو کەیسی کەمال قادرو مەریوان هەڵەبجەییدا بەرچاوە. پشتگیریکردنی ژمارەیەکی فراوانی نووسەران و ئازادیخوازان لەم بارەیەوە هەنگاوێکی گرنگ و جێگای دەستخۆشانەیە. بە پێچەوانەی تێروانینێکەوە گەر ئەم هەوڵ و ماندووبوون و لە خۆبردوویە بخاتە ژێر پرسیارو گوومانەوە .لەمرۆدا ئەگەر پشتیوانیەك کە لەم دوو کەیسە کراوە لە بەرچاو نەگیرێت و جێگاو رێگای ئەو بزووتنەوەیە نەبینرێت ناحەقیە و ئاستی نزمی باوەرو بێئومێدی ئەو بۆچوونانە دەخاتە روو. هەر ئەوەی کە دوێنی کۆمەلی ئیسلامی فتوای مەریوان هەڵەبجەیی ئەدات و ئەمرۆ پەشیمان دەبنەوەو خۆیانی لێ بێبەری دەکەن کاریگەری ئەو بزووتنەوەیەو لەژێر ئەو فشارەدا بوە. من دەستخۆشانە لە هەر گرووپ و کە سایەتی و تاکە ئازادیخوازەکانی کۆمەلگا دەکەم کە خەریکن بەم مەسەلەیەوەو پشتیوانی دەکەن لە دەنگ و پێنووسە ئازادەکان. بەلێ بەهێزکردنی دەنگی نارەزایەتی و ئازادیخوازی لە هەل و مەرجێکی وادا پێویستی بەوەیە کە هەموو بەبێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازی فکری و سیاسی و حیزبی ئایدۆلۆژی هاوکارو پشتیوانی یەکبین تا رەوتی دژی تیرۆرو فتواو سەرکوتی ئازادی وەك بزووتنەوەیەکی کۆمەلایەتی بەهێز بتوانێت بەر بگرێت بە کۆنەپەرستی. مێژووش نیشانی داوە کە تاك گەرایی هیچ کاتێك هیچی بۆ مەیسەر نەبووە گەر بە پشتیوانی بزووتنەوە کۆمەلایەتیەکان نەبووبێت. بەداخەوە ئەوەی تا ئێستا رێگری هەیە لەبەردەم ئازادی رادەربرین و تەواوی ئازادیە ئینسانیەکاندا لاوازی و کەم و کوری رەوتی ئازادیخوازیە کە فرسەتی داوە بە کۆنە پەرستی رۆژانە خەریکی فتوادان و بلاوکردنەوەی جەهل و خورافە بن تا ئەو ئاستەی شمشێری ئیسلامی سیاسی لە گۆرەپانی شاری سلێمانیدا راکێشن.

Fe/18/06